ژمارە (١٤٤) ساڵی سیانزەیەم
چوارشەممە، ٢٠٠٩/١٠/١٤
www.khushkan.org

# ئایندە

رۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات

## ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز لە زستاندا زیاترە

ئەنفلۆنزای بەراز ڕێژەی بڵاوبوونەوەیی زۆرەو مردنی زۆرکەمە لە (٠,١٪ - ٠,٠٥٪)ە، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ نەخۆشەکەدا دەمێنێتەوە گەرنەیکوژێت لەوهەفتەیەدا چاکدەبێتەوە، بەڵام ئەمەوامان لێنەکات بێ ترس بین، چونکە بەرەو وەرزی سەرما دەڕۆین، ئەمەش ژینگەیەکی گەشەو لەبار بۆ ڤایرۆسەکە دروستدەکات. سەبارەت بەم بابەتە د. عەبدولفەتاح هەورامی بۆ ئایندە دەدوێت.

درێژە ..... ل٣

## لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە:

# "پۆشاکی ئامادەکراوی پەروەردەو گرانیو درەنگ گەیشتنی، نیگەرانی لای دایکو باوکی قوتابی دروستدەکاتو لە هەڵەبجەی شەهیدیش خۆپیشاندان دەکرێت"

**ئا: نمنم- ئاشتی جەمیل**

ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی تر دەرگای قوتابخانەکان لەکاتی خۆیدا بەڕووی قوتابیانو مامۆستایاندا کرایەوە بۆ درێژەدان بەخوێندنی ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠، بەڵام هەروەک هەمیشە و بێ پلانی حکومەت، بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانی پەروەردەو فێرکردن لەساڵی نوێی خوێندندا، کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە کە ڕووبەڕووی قوتابیانو دایکانو باوکانو مامۆستایان بوویەوە.

یەکێک لەو کێشانە پۆشاکی ئامادەکراوی پەروەردەو گرانیو درەنگ گەیشتنیەتی کە نیگەرانی لای قوتابیو کەسوکاریان دروستکردووە، تێکەڵکردنی کوڕانو کچان لەهەندێک جێگەو شاردا، جێی ناڕەزاییەو بووەتە جێی نیگەرانی دایکو باوکی قوتابیان.

پاش ئەوەی چەند ساڵێکە وەزارەتی پەروەردە بڕیاریداوە کە پۆشاکی قوتابخانە لەڕێگەی خۆیانەوە دابەشبکرێت بەسەر قوتابیاندا، کە جیاواز لەساڵان دایکان خۆیان قوماش یان بەئامادەکراوی لەبازاڕ دەیانکڕی بۆ



قوتابیەکانیان، هەربۆیە لەیەکەم ڕۆژی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەوە قوتابیان بەیەک ڕەنگیەوە دەڕۆشتنەوە بۆ قوتابخانە.

لەهەڵەبجەی شەهیدیش یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی لەگەڵ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکانی سنورەکەدا گرفتی بۆ هاوڵاتیان دروستکرد، تێکەڵکردنی قوتابیانی پۆلەکانی حەوتەمو هەشتەمو نۆیەم بوو، کەزۆربەی دایکانو باوکانی قوتابیانی تووڕەکرد.

بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە، لەڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید ڕێکخستو داوای دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیان دەکرد.

لە هەمانکاتدا داوایان لێکردن کە جلی قوتابی بەخواستی سەرپەرشتیاری قوتابی بێت نەک ئەوان بەکەیفی خۆیان جل بۆ قوتابی بکەن، وەک دەزانن هەندێ ماڵ (٣-٤) قوتابی هەیە کە ناتوانێت ئەو بڕە پارەیە بدات کە ئەوان داوای دەکەن بۆ کڕینی جلوبەرگی قوتابی.

درێژە ... ل٤

## دوای (٦)ساڵ لە داگیرکردن، زیاتر لە (٤)ملیۆن منداڵی بێ باوکو بێوەژن لە عێراقدا هەیە

**ئاژانسی (لها)**

لەئامارژەیەکی ڕووندا دەربارەی ڕمانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوری لە عێراقداو لە سایەی داگیرکاری ئەمریکی بۆ ئەو وڵاتە، توێژەرێکی عێراقی لە ڕوانگەی توێژینەوەیەکی تازەدا دەریخست: "ڕێژەی بێوەژنو منداڵی بێ باوک لە عێراقدا زیاترە لە ٤ ملیۆن"، وتیشی: "زۆربەیان پێویستیان بەسادەترین هۆکارەکانی ژیانی ئابڕومەندانە هەیە".

عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکراوە، کە ڕووبەڕووی داڕووخانێکی گشتی لەبواری کۆمەڵایەتی وئابوریەوە بوەتەوە کە کاریگەری خراپ و ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی هەیە، بەملیۆنان عێراقی بەهۆی بێکاری و هەژاری نەخۆشیو دەردو بەڵای بەردەوام وکاتیەوە دەناڵێنن، بێجگە لەو ڕێژە زۆرە لەمنداڵی بێ باوک وژنی بێ مێرد.

سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی عێراقی، لەسەر زوبانی توێژەری کاروباری ژنی عێراقی (د.کاترین میخائیل)لە واشنتن ڕایگەیاند: "توێژی بێوەژن و بێباوکان لە عێراق مەزەندە دەکرێن بە زیاتر لە ٤ملیۆن کە قوربانی جەنگن".

ئەم توێژەرە ئامارژەشیدا کە ئەم ڕێژەیە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس زیادی کردوە، لە توێژینەوەیەکی نوێدا کە تایبەتەبە دیاردەی مەیدانی ژنان داوا دەکات لە حکومەتی عێراقی چەند لێکۆڵینەوەیەک تایبەت بکات بە بارودۆخی ژنان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و (خوێندن) فێرکردنەوە،کە یارمەتی وکۆمەکیان بکات و دەستیان بگیرێت بۆ باشتر کردنی گوزەرانی خێزانیان.

دکتۆرە (کاترین) لە گفتو گۆیەکی ئێزگەی (العراق الحر) دا دەربارەی دیاردەی کۆبوونەوەی ژنان لەم (مەیدان)ەدا وتی: "بە دەیان ژن لە نێوانیاندا مێرد مردو باوک مردو کچانی خوار تەمەن ٢٠ساڵ ڕۆژانە لە گۆرەپانیژنان هەر لە بەرەبەیانەوە کۆ دەبنەوەو چاوەڕوانی کەسێک دەکەن کە بیانبات کاریان پێبکات، ئامارژەی پێدا کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دادەنێن بەبڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە و دەسەڵاتیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە چارەسەری گرفتەکە بەشێوەی خوازراو بکات، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی ئەوانەی کاردەکەن لەم بوارەدا ژنانی نەخوێندەوارنو ناتوانرێت وەک فەرمانبەر دابمەزرێنرێن.

توێژەرەکە بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک پێشنیاری هەنوکەیی پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتەکان کردوە، وەک وەزارەتی کشتو کاڵ بۆ یارمەتیدانی کچان لەپرۆژەی کارکردنداو هەروەها پێدانی قەرزی بچوک بۆکارکردن.



## وۆرکشۆپێکی پلاندانان بۆ گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی قەزای شارەزوور

**ئا: گەشاو ئیسماعیل**

لە بەرواری ٢٠٠٩/٩/٣٠ لە ئوتێل پەرێز لەسلێمانی بە ئامادەبوونی سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکانو نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو نوێنەری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ئامادەبوونی سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سنووری قەزای شارەزوور، وۆرک شۆپی پلاندانان بۆ گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی قەزای شارەزور بەڕێوەچوو کە قۆناغیپێنجەمو کۆتایی پرۆژەکەبوو، ئەم وۆرکشۆپە درێژەپێدەری وۆرکشۆپی پێشوە کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٢/٩ لە ئوتێل ئەزمەڕ بەڕێوەچوو.

ئەم وۆرکشۆپە ڕێکخراوی (UN)سەرپەرشتی دەکات بە هاوکاری ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی، بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەکە دەستپێکی هاوبەشە کە حەوت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پێکەوە بەشداری تێدادەکەن بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی (UNDP-ILO) بە بەشداری UNOPS-UNHABTAT-UNIFE M-UNESE.



ئامانجی بەرنامەکە بریتیە لە باشکردنی گوزەرانی هاوڵاتیان بەشداریکردن لەکەمکردنەوەی هەژاری بەردەوام لە پارێزگای (بەسرا، میسان، زیقار، بابل، سلێمانی).

شایانی باسە بە هەوڵوکۆششی نوێنەرانی قەزای شارەزوور- سەیدسادق لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی توانرا ئەم پرۆژە خزمەتگوزارییە بهێنرێتە هەردوو قەزاکە، بڕی پارەی دیاریکراویش بۆ پرۆژەکان بەمشێوەی خوارەوە بوو کە بڕەکەی بریتیە لە (٣٠)ملیۆن دۆلار: (٨)ملیۆن بۆ زۆنگاوەکان. (١٤) ملیۆن بۆ حلە. (٨)ملیۆن بۆ قەزای شارەزوور (سیدسادق)

جێی باسە نوێنەری ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان بەشداری چالاکانەیان هەبوو لەهەردوو (وۆرکشۆپ)ەکەدا.

## ئایا زیانەکانی خەوتنی خێزان بەگشتیو خوشکو برا بە تایبەتی لە یەک ژووری نوستندا چییە؟

